بارزانی و فەیاز ئیدانەی هەرشکردن بە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە پیرمام دەکەن

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ پێنجشەممە پێشوازی لە سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی کرد و لەکۆبونەوەیەکدا، بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و هەڵەشە ئەمنیەکان ئاڵوگۆڕ کرا.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی بارەگای بارزانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە لە سەاحەدین مەسعود بارزانی پێشوازی لە بەڕێز فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی کرد.

لە دیدارەکە بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و هەڵەشە ئەمنیەکان ئاڵوگۆڕ کرا و هەروەها ئیدانەی هێرشکردن بە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە پیرمام کرا.

هەر لەو دیدارەدا پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەتی فیدراڵ تاوتوێ کران کە پێشتر ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە